کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 22:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو خۆفرۆش نییە و حیزبێکی کوردستانییە ... صهیب جمیل علی

پاش بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەکۆنگرەی قاهیرە، جارێکی تر یەکگرتووکەوتەوە بەرناوزڕاندن و لەکەدارکردن بەوەی یەکگرتوو بۆتە خۆفرۆش و لەگەڵ کۆنەجاش و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەشداری لەکۆنگرەکە کردووە!!
سەیر لەوەدایە ئەمجارەیان زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەبی ئەوەی زانیارییەکیان لەبارەی کۆنگرەکەو بەشداریکردنی یەکگرتوو لەکۆنگرەکە و هەڵوێستی حیزب دەربارەی باس و خواسەکانی نێو کۆنگرەکە هەبێت زۆر بی شەرمانە جارێکی تر کەوتنەوە خۆ بەناوزڕاندن و لەکەدارکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، خۆ دەزگاڕاگەیاندنەکان چاك دەزانن کەیەکگرتوولەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی هەرێم ڕێگەی پێدرا بەوەی بەشداری لە کۆنگرەکە بکات...
چەندین جار یەکگرتووبەبەیاننامەو وتار ئاشکرای کردووەکەدەبی مەسەلەی کەرکوك لەڕێی دەستوورەوە چارەسەربکرێت و مساوەمەی لەسەر ناکەین و کەرکوك شارێکی کوردستانییە، کەبێگومان یەکگرتووبەرامبەر بەهەمووپارتێکی تر مکوڕتربووە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی تایبەت بەشاری کەرکوك و لەگەڵ عێراقێکی فیدرال.
من ڕووی پرسیار ئاڕاستەی ئەونووسەرو مالپەرەکانی ئینتەرنێت و کەناڵە ڕاگەیاندنەکان ئەکەم، کەئەگەر یەکگرتوو خۆفرۆش بێت بۆچی لەپەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەچەند پەرلەمانتارێك بەشدارەو لەحکومەتی عێراق وەزیرێکی دەوڵەتی هەیەو لەکوردستانیش دوو وەزیر..
ئەی بۆ باس لەهەڵوێستە جوامێرەکانی یەکگرتووناکەن کە لەهەمووبۆنەو کارەساتێك نواندوویەتی، پێویستە باش بزانن کەیەکگرتووحیزبێکی ئیسلاحیی و میانەڕەوی کوردستانییە و هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرەو خۆفرۆش نییەو ڕابردوویەکی پاك و بێگەردی هەیەو حەکیمانە وئاقڵانە لەگەڵ سەرجەم ڕووداووپێشهاتەکان مامەڵەی کردووەو هەمووخەڵکی کوردستان لەگەرمیان تا بادینان گەواهیدەری ڕابردووونایندەی یەکگرتوون کەچەندە حیزبێکی ئیسلاحخواز و میانەڕەوە و لەهەموو بوارێکی خزمەتگوزاری و مەدەنی و ئیسلامیی و کوردایەتی جی دەستی دیاربووە، شوورەییە بۆ ئەو نووسەرو دەزگا ڕاگەیاندنانە، یەکگرتوو بەخۆفرۆش و شۆفێنی لەقەڵەم بدەن، لەکاتێکدا کە یەکگرتووسێیەم هێزی کوردستانییەو خاوەن جەماوەرێکی تایبەت بەخۆیەتی... ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوکەسانەی کە بەبی بەڵگە یەکگرتوو دەخەنە بازنەی خۆفرۆشی شۆفێنیەتەوە کەبێگومان بەری خۆر بەبێژینگ ناگیرێت ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.